# دواین ماڵ ئاوایی لەو مامۆستایەی وشە لە حزوریدا شەمەزارە
# مەرگی ئەکرەم عەنەبیو خێزانەکەی مەرگی جوانیەکان



## خەبات نەوزاد

"ئیلاهی... بەخامەیەکی کولەوە باری سەفەر تێك دەنێمو بەدەستێکی لەرزۆکەوە گوڵزاری وەسفت تەیدەکەم

چ سەفەرێکی حەقیقیە میعراجی عەشقی تۆ...چ حەجێکی نەمریە تەوافی یادی تۆ"*

بڕوا بکە دڵنیام لەوەی لەپاش مەرگت هیچ کەس توانای ئەوەی نیە لە ئاست جوانیو گەورەییو زانای تۆدا حەق بە وشە بداتو وێنا هەموو ئەو خەسڵەتانە بکات کەتەنها لە "ئەکرەم عەنەبی"دا وجودیان هەبوو، ئەزانم من توانای ئەوەم نیە لەئاست تۆی "ئەکرەمی هەمووان" هیچ شتێك بڵێم وەڵێ ئەی دۆس شەرم ئەم گرێ ئەکرەمێکم لەدەست چوبێتو خەجاڵەتانە سەرم شۆڕبکەمو هیچ نەڵێم.

بەر لەهەر شتێك هاورێ گیان شادومانم بەوەی ئەو نەریتە ناشیرینەم شکاندوە "کە ئێمە لەدوای مەرگی ئینسانەکان هەست بەجوانی ئەوانە بکەینو لە غیابی خۆیاندا قەسە لەسەر گەورەیان بکەین" براگیان بەڵێ ئاسودەم بەوەی بەر لەوەی سەفەری هەتاهەتایت بکەیتو لە گەڵ ساراخانو دادە هیلین گیاندا بەیەکجاری جێمان بهێڵیت گەڵێ جار ئەوەی ئەمەوێت ئێستا بیڵێم بەخۆتم وتوە.

تۆ زاتێك بویت خاکی، پیاوێك لێوان لێو لەسادەیی، گەنجێك پڕ پڕ لە عیلمو زانیاری، وەك کاکە شکاری هاورێمان ئەڵێت "بەتەنها یەك ئەکرەم نەبویت تۆ بۆ هەریەکەمانو ئەکرەمێك بویت" واتە چەند کەس تۆی ناسی بێت ئەوەندە ئەکرەم ماڵ ئاوای لێکردوین، ناڵێم چەند هاورێ چون تۆ مەبەستت بوو هەر کەسێك پێویستی بە هاوکاریت بێت خاکیانە هاوکاری بکەیت، بڕوا بکەن ئەستەمە کەسێکی دی بدۆزیتەوە وێنای عەنەبی بێت لە سادەیدا بەئەمانەتەوە شاهیدی لەسەر ئەوە ئەدەم ئاخر بەخودا چەندجار سەردانی کۆلێژی زمانم کردبێت ئەم پێوا خاکییانەو زۆر بەسادەیی لەنێو گۆڕەپانی ئەو کۆلێژەدە لەگەڵ قوتابیاندا سادە سادە حیواری دەکردو گەلێك خۆپارێز بووە لەوەی کیبر بۆ ساتێکیش بێت ئەکرەمێك بە ناشرینی پیشان بدات.

چ قەدەرێك بۆ رۆژێك بەر لە کۆچت بومە دواین هاورێت کە هاورێیەتی دواین ساتەکانی تەمەنت بکەم تۆ ئەو ساتانەش هەر بە هیواوە ئەژیات ئەو ساتانەش لەخەمی خزمەتی ئەم نەتەوەیەدا بیوت زۆر دورنەیە بۆیە بیرمە بەرلەوەی دەستم بۆ تەوقەی ماڵ ئاوای بخەمە نێو دەستەوە "کەنەمدەزانیو هەرگیز بە فکرمدا نەدەهات ماڵئاوای یەکجاریە"و بەرلەوەی ببمە دواین هاورێت دەستم بخەمە نێو دەستەوە پێت وتم خەباتگیان زۆر مەبەستمە نامەی ئەو دکتۆرایەی کە بەدەستمەوەیە لە ماوەی دیاری کراوی خۆیدا تەوا بکەم، چ نامەیەك ئەو نامەیەی کە لە رێزمانەی کوردیدا وێنەی نەبوو.

خوایەگیان قەدەری ئەم هەڵەبجەیە بۆ ئەبێت هەمیشە لە نارەحەتیدابێت ئاخر بۆخۆت چاك دەزانیت بەتەنها خۆشەویستی ئەکەرم هەڵەبجەی ئاسودە دەکرد، ئەو تەنها زاتێ بو صادقانە هەڵەبجەی خۆش دەویستو چێژی لەم قوراوەی هەڵەبجە وەر ئەگرتو هەمیشە رەخنەی لەئێمەی هاورێی دەگرت گەر ساتی بێزاری ئەم ژینەی هەڵەبجەمان دەربڕیایە، تەنها ئەو بوو بەرنامەی هاتنەوەو ژیانی لەێرە رونبوو لەو خاکەی زۆربەی دانیشتوانی بێزارن لێی. ئاخ لەو قەدەر دواین بەر هەمی ئەم پیاوە "شەڕکردنبوو لەسەر هەڵەبجە" ئەو لەدواین بەرهەمیدا کە لە ژمارە 61ی رۆژنامەی ئاوێنەدا بلاوکراوەتەوە ئامۆژگاری ئەو بەر پرسانە دەکات ئێستا جڵەوی حوکمرانی ئەم گەلەیان بەدەستەو بێباکانە لێدەخورن مامۆستا لەو وتارەی کەرۆژێك دوای کۆچی لە ئاوێنەدا بلاوکراوەتەوە لەخەتەری دروشمێك دەستەلات ئاگادار ئەکاتەوە کە ئەگەری سەر هەڵدانی لەم جۆرە حکوم رانیەی ئێستادا دورنیەو راشکاوانە رەخنە لەو پشتگوێخستنەی هەڵەبجەو بێبیاکیەی حکومەت ئەگرێت بەرامبەر بەو شارە.

"ئیلاهی... مەرگم بدە بەرلەوەی لەگۆرستانی عەقلا بڕزێم

گەروم بە قومێك لەو شەرابە تەهورەت تەرکە بەر لەوەی لە بیابانی عیلما بخنکێم"

عیلمی مامۆستا ئەکرەم عەنەبی پڕپڕ بوو بە هەمیشەیش وەك وتم چێژی لە هاوکاری وەر ئەگرتو ویستی وابو ئەوەی پێیەی زۆر ترین کەس لێ سودمەندبێتو پێیان بگەیەنێت.

"ئیلاهی نامە"دواین بەر هەمی عەنەبییە کەوەك نامیلکەیەکی سەر بەخۆ چاپکراوە تۆرپکی موناجاتێکی کوردیەو وەك خۆی لەپێشەکی بەر هەمەکەیدا دەڵێت "ئەم ڕازو نیازە لەگەڵ مەعشوق -خودا- دا لە ئەدابیاتی ئێمەدا زۆر بەر چاو ناکەوێت" ئەو مناجاتە عارفانەیە پڕپڕە لە رازو نیازی جوان کە مەگەر بەتەنها عەنەی ئەو توانایەی هەبێت بەزمانێکی وەها لەگەڵ پەروەردگارا لیقا بکات.

نازانم چیە هەست ئەکەم ئەوەی ئەیڵێم هیچ نیە لە بەرامبەر پیاوو مامەۆستایەکی وەك ئەکرەم عەنەبیدا، بەداخەوە قەدەرێك هەیە ئەبێت رۆژێك هەمووومان ژیان کۆتای پێبێنینو ئەوەی پێدەلێن "مەرگ" هەریەکێکمان پێی بگەین، وەلێ شێوازی ئەو مەرگەمان چۆنە ئەوە پرسیارێکە مەگەر بەتەنها لە مەرگێکی وەك ئەوەی "مامۆستا ئەکرەمو ساراخانو هێلین گیاندا" بە فکرماندا بێت.

2007/3/19 رۆژێکە مەگەر بەتەنها هاورێیانی ئەکرەم عەنەبی هەست بە ئازاری ئەو کارەساتە بکەن کە تێدا رویداوە.

خودا لێت ئەپارێمەوە مەنزڵی ئەوانە لای تۆ بەهەشتی بەرین بێتو ئاسودەیانکەیت، ئیلاهی بە زمانەکەی ئەکرەم لێت ئەپارێمەوە شیفای "لادن" گیام بدەیتو تەمەنی درێژکەیت تا ببێتە سوکنایی خەمی کۆچی "ئەکرەمی باوکیو سارای دایکیو هیلین گیانی خوشکی"، مامۆستاگیان ئاسودەبن هیچ خەمی ئەو پەپولەیەتان نەبێت "لادن" بێگومانبە ئەوەندە هاورێی دڵسۆزت پەروەردە کردوە خەمەکانی لادن گیان هەڵدەگرنو خۆت ئاسا پەروەردەی دەکەن.

کاش عەنەبی ئەم سەفەرەت کەمێکی تر درەنگ دەتکردو وانەکانی سادەیت زۆر تر پێدەوتین، کاش عەنەبی زۆرتر شەرەفی مانەوەت لە حوزرتا پێبداینایە تا زیاتر فێرت دەکردین چۆن لە گەڵ ماڵو منداڵ بژین.

خودا بەهەشتەکەی خۆتیان پێ بدە

* ئەو شیعرانەی لەم نوسینەدا هاتون لە ئیلاهی نامەی مامۆستاوە وەرگیراوە کە دەقی مناجاتێکی عارفانەیە مامۆستا بەتاسەی دیداری خواگیانەوە نوسیویەتی بەهیوای دێردێی ئێستا شەفاعەتی لای کردگار بۆبکات.